مەخموور لە نێوان موسڵ و هەولێردا

جەمیل سنجاوی

دوای کۆڕەوە مەزنەکەی خەڵکی کوردستان، قەزای (مەخموور)و دەوروبەری یەکێك بوو لەو ناوچانەی کەوتەوە ژێر دەسەڵاتی زوڵمو ستەمی رژێمی بەعسی رووخاو، ئەوەبوو لەو ماوەیە رژێم بە هەموو شێوەیەك کەوتە وێزەی خەڵکی ستەمدیدەی دەڤەرەکەو زۆر بێباکانە پیلانی بەعەرەبکردنی لە هەمبەر خەڵکی ناوچەکە پەیڕەو کردو ئەو سیاسەتە چەوتەی لەسەرجەم بوارەکانی ژیانی هاوولاتیان درێژە پێدا کە بووە هۆی ئەوەی تەواوی زەوی و زاری ناوچەکە لە کوردان بسێندرێتەوەو بدرێتە عەرەبە هاوردەکان، بەمەش خێرو بێری دەڤەرەکە لەو ماوەیەدا تەنها بۆ عەرەبەکان بوو، کوردەکانیش هەمیشە لێی بێبەش بوون، هەروەها ئەو سیاسەتە نەگریسە لەتێکڕای فەرمانگە حکومیەکان بەرامبەر بە کوردانی ناوچەکە جێبەجێ دەکرا کە ببووە هۆی بێزاریو ناڕەزایی هاوولاتیانی دەڤەرەکە، رژێم بەو هەموو زوڵمو ستەمە نەوەستاو لەبڕیارێکی تری شۆڤینیانەی قەزای (مەخموور)و هەر سێ ناحیەکەی (قەراج- دیبەگە- گوێر)ی خستەسەر پارێزگای موسڵ، بەمەش ویستی ئەو ناوچە پڕ لە خێرو بێرە بە یەکجاریی لە (هەولێر)ی پایتەختی کوردستان دابڕێ و بەتەواوی عەرەبنشینی بکاتو داگیری بکات، بەڵام پرۆسەی ئازادیی دەرفەتی ئەوەی نەدا رژێم درێژە بەخەونە نەزۆکەکانی بداتو لە نیسانی ٢٠٠٣ بەتەواوی لە پەل و پۆ کەوتو کۆتایی بە رژێمە دۆڕاوەکەی هێندرا، ئێستاش کە ماوەی سێ ساڵی تەواوە (مەخموور)و دەوروبەری بە یەکجاریی ئازاد کراوەو لەژێر دەسەڵاتی خۆمانە، کەچی حکومەتی ئێستای عێراق ڕێگە نادات پرۆژە خزمەتگوزارییەکانی (حکومەتی کوردستان) لەناوچەکەدا جێبەجێ بکرێت بیانووش ئەوەیە (مەخموور) بەفەرمی لەسەر (پارێزگای موسل)ەو، نابێت (هەولێر) لەم ناوچەیە هیچ پرۆژەیەك ئەنجام بدات، هەرچەندە حکومەتی کوردستان چەندی بۆی گونجاوە گوێی بەبڕیارەکانی حکومەتی ئێستای عێراق نەداوەو هەندێك پرۆژەی خزمەتگوزاریی دیاریکراوی لەدەڤەرەکە جێبەجێ کردووە، ئەگەرچی پرۆژەکان زۆر نین و تینویەتی چەندین ساڵەی چەوساندنەوەو چەرمەسەریی و دەربەدەریی و ئاوارەیی خەڵکی دەڤەرەکە ناشکێنێ، بەڵام زۆر باشترە لەوەی کە هەر هیچی بۆ نەکرێت، لێرەدا شایانی ئاماژە پێکردنە کە (مەخموور) تاوەکو ئێستاش بەفەرمیی سەر بە پارێزگای (موسڵ)ە، خەڵکی دەڤەرەکەش لەدوا پرۆسەی هەڵبژاردندا دەنگی بەو کەس و لایەنانە دا کە ئێستا لە (ئەنجومەنی پارێزگای موسڵ)ن، کەچی نە پارێزگای (موسڵ)و نە ئەو ئەنجومەنەش هیچ کارو پرۆژەیەکیان بۆ (مەخموور) و دەوروبەریی ئەنجام نەداوە، تەنانەت یەك دیناریشیان وەك بودجە بە ئیدارەی مەخموور نەداوە، کەواتە ئەم دەڤەرە تەنها بەناو سەر بە (موسڵ)ەو، نە حکومەتی عێراق و نە پارێزگای (موسڵ)یش بای یەك گەردیلە سوودیان بۆ ئەم ناوچەیە نابێت، تاکە ئومێد کە هەیبێت (حکومەتی یەکگرتووی کوردستان)ە لەمەولا بایەخو گرنگیی پێبداتو لە سەرجەم بوارەکاندا بیبووژێنێتەوە.

ئاوردانەوەیەك بۆ رابردوو، ڕۆشناییەك بۆ داهاتوو

ئازاد رەفیق محەممەد

شاروچکەی مەخموور بەر لەساڵی ١٩٦٠ شارۆچکەیەکی خنجیلانەی خاوەن چەندین دێهاتی قەبارە جیاوازبووە، کە هەموو دانیشتوانەکەی پێکهاتبوو لە کوردی ئایین پەروەرو پەیوەندیی خزمایەتیو ناسیاوی بە یەکی دەبەستنەوە، یەکەم شەڕ لەگەڵ حکومەتی عێراق لەساڵی ١٩٦٣ لە مەخموور لەچیای قەرەچووغ دەستیپێکرد بەسەرپەرشتی (مەلا غەریب محمد)، پێشمەرگە نەبەردەکانی شاروچکەی مەخموور توانیان لەم شەڕەدا بەسەر لەشکری حکومەت سەرکەوتن بەدەست بهێنن و لەدواییدا لەسەر بڕیاری سەرۆك بارزانی ڕەوانەی دەربەندی گۆمەسپان کران.

لەپاش ڕۆیشتنی پێشمەرگەکان حکومەت لەگەڵ چەکدارە عەرەبەکان دێنە گیانی خەڵکی بێتاوانی قەراج و کەندێناوەو تالانیان کردن ئەمەش لەلایەن شێخ (حواس) سەرپەرشتی دەکراو هەر لەو کاتەدا لە کەندێناوە نیشتەجێ بوونو لەپاشان کوردەکانی قەراج و کەندێناوە ڕەویان کرد تاساڵی ١٩٦٧-١٩٦٨، وە لەساڵی ١٩٦٣-١٩٦٤ ئیدارەی مەخموور بڕیاری دەسگیرکردنی ئەو کەسانەی داکە کەسوکاریان ببوونە پێشمەرگەو مولك و ماڵیان دەست بەسەر کراوە (١٠) کەس لەخەڵکی ناوچەکە دەستگیر کران و کەوتنە بەر ئەشکەنجەدانو یەکێك لەمانە بەناوی (قادر علی) لەژێر ئەشکەنجەدا کۆچی دوایی کرد، ئەوانی تریش تا ساڵی ١٩٦٥ هەر لەزیندانداا بەهۆی نەخۆشیەوە گیانیان لەدەست دا.

لەساڵی ١٩٦٨ حکومەتی (احمد حسن بکر) کەوتە وتوێژ لەگەڵ بارزانی نەمر بۆ گەڕانەوەی کوردان بۆ سەر زێدی خۆیان، بۆ ئەم مەبەستە لێژنەیەك پێکهێنرا لە قائمقامی مەخموورو ئەفسەری سەربازیو پیاو ماقولان بۆ قەرەبو کردنەوەی خەڵکەکە، ئەمەش (رفیق محمد احمد) سەرپەرشتی دەکردو هەڵسا بە ناونوس کردنی خەڵکی کەندێناوە، دوا بەدوای ئەمەش کوردەکان گەڕانەوە سەر زێدی خۆیانو عەرەبەکان لەکەندێناوە دەرکران، دووبارە لەساڵی ١٩٨٠ مەخموورو گوندەکانی دەوروبەری کەوتنەبەر هێرشی رژێمی بەعسی روخاوو جاشەکان، بۆ ئەمەش بە شۆفەلو تانك دێیەکان خاپوور کرانو خەڵکەکەی بۆ کۆمەڵگا زۆرەملێکان ڕاگوێزران بەتایبەتی هەردوو ناحیەی (قەراجو کەندێناوە)، ستەمو زۆردارییەکانی ڕژێمی فاشی لەم دەڤەرە بەردەوام بوو بەکۆی نەهامەتیەکانی تاکو ساڵی ٢٠٠٣و ئازادی مەخموور، شارێك خاوەن داستانی کوردایەتی بێت، بۆ چەند جارێك تاڵان کرابێت، ڕۆڵەکانی بەندکرابێتو زەوی و خاکی تەعریب کرابێت، لە هەموو مافەکانی ژیان بێبەش کرابێ، ئایا دوای ئازادی دەبێت چی بۆ بکرێت؟ ئەوەی ڕاستی بێت دوای سێ ساڵ لەئازادیی، مەخموور هەر بەرەودواوە دەچێتو قسە هەیەو خەمخۆری نییە، لەبەرئەوەی مەخموور کەوتۆتە نێوان هەردوو ئیدارەی هەولێرو موسڵ بۆیە لە هەموو شتێك بێبەش بووە، دەتوانین بڵێین (ساڵ بەساڵ خۆزگەم بە پار) هەروەها مەخموور لەڕووی شارستانی پێش نەکەوتووە هەر چەندە کە خاوەن سەروەتو سامانێکی دەوڵەمەندە لەڕووی نەوتو ماددە سەرەکییەکانی ترو دەشتە پانو بەرینەکەی، بەڵام هەر بە وشکی ماوەتەوەو هیچ پرۆژەیەك بۆ ئەم مەبەستە ئەنجام نەدراوە، لەساڵانی بیستەکاندا بەروبوومی کشتوکاڵی بەرەو پێش چووبوو لەچاندنی برنجو گەنمو گەنمە شامیو جۆو پەمۆو گوڵەبەڕۆژەو... تد، دەبێ ئەوە بخەینە ڕوو کە بە چ شێوەیەك مەخموور بەرەوپێش دەچێتو سیمای شارستانێتی پێوە دیار دەبێت، دەتواندرێت مەخموورێکی نوێ بنیاد بنرێ، ئەمەش بە ئیدارەیەکی دروستو دەست پاکو خاوەن وێژدان دێتە کایەوە کە لێپێچینەوە لە وردو درشتی مەسەلەکان بکرێت، هەروەها ئەم خاڵانە جێ بەجێ بکرێت.

١-دانانی نەخشەیەکی نوێ بۆ مەخموور.
٢-نوژەنکردنەوەی شەقامو شۆستەکانی.
٣-دروستکردنی نەخۆشخانەیەکی گەورە.
٤-دروستکردنی ئاوەڕۆ لەهەموو کۆڵانەکانی مەخموور.
٥-چاککردنەوەی تۆڕی ئاوی خواردنەوە.
٦-دابینکردنی بگۆڕی دیجیتاڵ بۆ بەدالەی مەخموور.
٧-نەخشاندنی دەروازەی بازاڕگە بەشێوەیەکی شارستانی.
٨-دروستکردنی پارکێك بۆ مەخموور.

چەندین پێداویستی تر لەڕووی جوان کردنی سیمای شارەکە، بەم شێوەیە دەتوانرێت خزمەت بە شارۆچکەکەمان بکرێت.

عەشیرەتگەریی ـ حزبایەتی

بانێك و دووهەوا

باوکی ژیلا

گەورەیی مرۆڤ لەوەدایە کە هەموو کتێبە ئاسمانییەکان لەپێناو خۆشترکردنی ژیانو خستەسەر ڕێگای ڕاستو دروستی ئەودا هاتوونەتەخوار، سەدان بیرمەندو فەیلەسوفی گەورە لەسەرتاپای مرۆڤایەتی تێکۆشاون بۆ ئەوەی مرۆڤایەتی بکەنە برایەتییەکی ڕاستەقینەی دوور لەرقو کینە، نەك هەر جیهان بچووك بکەنەوە، بەڵکو بەهەموو جیاوازییە ئایینیو ئەتنیو نەتەوەییو تەنانەت فکرییەکانیشەوەو بە هەموو ڕەنگە جیاوازەکانەوە مرۆڤایەتی بکەنە خانەوادەیەکی گەورە، لەسەر بنەمای یەکتر قبوڵکردنو پێکەوەژیانو تێگەیشتنەوە وابکەن سەرتاپای مرۆڤایەتی بتوانن بەیەکەوە بژین، سەردەم سەردەمی دەنگوڕەنگە جیاوازەکانەو گڵۆڵەی پاوانخوازییو عەشیرەتگەریو حزبایەتی سەقەتو مەحسوبیەتی بێ مانا بەسەرچوو ئەوسەردەمەش گڵۆڵەی کەوتە لێژی کەوا لەمرۆڤەکان بکرێت یان دەبێ ڕەش بێت یا سپی، یا لەگەڵم بیت یا دوژمنیت.

مرۆڤایەتی ورده ورده لەم قۆناغە هەمەڕەنگییە خۆی نزیك دەکاتەوە، کەچی لای ئێمە تازە بەگەورەو سەروەرو تەنانەت (سەیدی)یەوە دەمانەوێ کۆمەڵگاکەمان لەسەر ئەوهێلکە پیسانە کۆك بکەین.

لەکوردستاندا ئگەر بەدوعاکانی من نەڵێی ئامینو سەربە (عەشیرەت= حزب)ەکەی من نەبیت موولیدەیەکی کارەباشت پێ ڕەوا نابینمو ئەو گوندانەش بە لەڕێ لادەر ناودەبەم کە لەسەردەمی شۆڕشی شاخدا ڕانەمریشکم لێیان خواردووەو بوومەتە بار بەسەرشانیانەوە، ئەگەر لەحزبەکەی من کە یەکسانە بە عەشیرەتەکەم نەبیت، جادەیەکی قیرت بۆچێ ناکەم تاکو بەئیسراحەتی خۆت سەردانی گوندەکەت بکەیتو بگەڕێیتەوەو ئاوەدانی بکەیتەوە، ئەگەر دەستنوێژی سیاسیت لەحزبەکەی من هەڵنەگرتبێو دەستنوێژی تووك نەرمیشت بەرەخنەیەك بشکێت، ئەوا لە جەننا توعەدنی تەزکییەو پشتگیریو پۆستی گرنگ وەکو شەیتان وەدەر دەنرێیتو بەدوژمنی گەلو وڵات ناوزەد دەکرێیتو زەندیقێکی سیاسیتو دەبێ نانت بڕێت، تاکو ڕۆڵەی دەمشڕی وەکو خۆت بەرهەم نەهێنیت، ئەگەر وەکو خزمەتکارێکی گوێڕایەڵو دەستەپاچە لەخزمەتدا نەبیت مافی چەلاوخۆریشت نابێو هەڵگری ئایدزی فکرییتو دەبێ حیسابی مریشکێکی ئەنفلەوەنزا گرتووت بۆ بکرێت، بەکوردیو بەکورتی، تۆ عونسورێکی لەئیمو جسمێکی غەریبیو نەگوێت بۆ لەبەرچاوگرتنی ئینتیمای حزبایەتیو وەکو تاکێکی دەروندروست خزمەت بەوڵاتەکەی دەکات، کەچی لای ئێمە ئینتیمای حزبی لەپێش هەموو شتێکەوەیەو بەردەوام مشەخۆری حزبی دروستدەکرێت، کەبەبێ لەبەرچاوگرتنی ئەرکەکەی زۆرجار لەچاخواردنەوەی نێو بارەگاکان تێپەڕناکات، ئەوا خاوەنی هەموو شتێکە، ئەم ڕەوشەتاڵەش بەردەوام وادەکات هەندێك لەڕێزی هەرە پێشەوەدابنو هەندێکی تریش بەردەوام بپلیشێنەوەو وەکو شێرکۆ بێکەسی شاعیر دەڵێ "ناموێ ناوماڵەکەی خۆیان و غەریبی ناوگیانی خۆیان بن" بەردەوام هەست بەوە بکەن کە میوانن و ئەمەش ئینتمای بەگەلبوونو بەنەتەوەبوونیان لەلا سست دەکات، لێرەشدا پەیڕەوکردنی سیاسەتی بانێك و دووو هەوا بەچڕی جێگەی باسە لەپێناو لەباربردنی ئیرادەی سەربەخۆی تاکی کورد دەکرێت.

حەزم دەکرد لەساڵنامەیەکی وەکو ساڵنامەی ئازادیی قەرەچووغ شتێکم گوتبا تایبەت بوا بەرەوشی مەخموور، بەڵام هەست دەکەم بارودۆخی ناو مەخموورییش بەشێکە لەو واقیعەی کە حزبەکان لەسەرتاسەری کوردستان دروستیانکردووەو هیچ شتێکی ئەوەندە تایبەت نیە باسی لەسەر بکرێ واتا سەرجەم ناخۆشیەکان گشتگیرن، ئەوەی لە هەولێرو سلێمانیدا هەیە، لەمەخموورییش هەیە، ئەوەی لەمەخموورییشدا هەیە بەهەمان شێوە لەسەرتاسەری کوردستانیشدا بەدی دەکرێ.

لەدواییدا پێشنیارم بۆ شارەوانی مەخموورییش ئەوەیە لەو شوێنەی کە جاران وێنەی دیکتاتۆری لێ بوو تابلۆیەك بنووسن ئەمە ناوەڕۆکەکەی بێت (بەخێربێن بۆ شاری شۆڕینەواری دێرین شاری مەخموور) چونکە وەکو شوێنەوارەکانی پێشوو وایەو هیچ دەسکارییەکی نەکراوە و زیاتر لە مۆزەخانەیەکی کراوە دەچێت.

بۆ ئەمساڵ ئەزموونە وەزارییەکان لە دەڤەری مەخموور دەبێ چۆن بەڕێوە بچن...؟

سالار سیامەند

لەدوای پرۆسەی روخانی ڕژێمی بەعس لە عێراقدا. پرۆسەی خوێندن لە سنووری مەخموور وەکو تێکڕای ناوچە تازە ئازادکراوەکانی تری کوردستان کەوتە دۆخێکی وا کە هەست بە کۆمەڵێ گۆڕانکاری خێرا بکرێ، وەکو کردنەوەی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی مەخموورو دامەزراندنی ژمارەیەکی یەکجار زۆری مامۆستاو فەرمانبەرو کردنەوەی بەرچاوی قوتابخانە لەسنوورەکە، ئەمانە هەمووی گۆڕانی پۆزەتیڤ بوون بە ئاراستەی پێشکەوتنو دەرچوون لەو بازنە داخراوەی کە سنورەکەی تێکەوتبوو لەسەردەمی دەسەڵاتی ترسو تۆقاندندا، نایشارمەوە کە هێشتا کەموکوڕی گەلێ زۆرنو خواستی دانیشتوانی مەخموور لەوە گەورەترە، بەڵام ئەوە جێگای باسی ئێمە نییە، بەڵکو لەوە گرنگتر دیاردەیەکی نەشازە لەو پرۆسەیە دەبیندرێ، ئەویش وەکو خەڵەو خەرمانی جوتیارو ئاغای سەدەکانی رابردوو، تەشریف هێنانی کۆتایی ساڵی ئاغایانی پەروەردەی موسڵو درووێنەکردنی ڕەنجی ساڵێکی پەروەردەی مەخموورە.

مووچەی مامۆستاو فەرمانبەرو دابینکردنی پێداویستییەکانی قوتابخانەکان هەمووی لەئەستۆی بەڕێوەبەرایەتی پەروەردەی مەخمووری سەر بەوەزارەتی پەروەردەی حکومەتی کوردستانە، بەڵام سەرپەرشتیکردنو بەڕێوەبردنی ئەزموونەکانی کۆتایی ساڵ لەلایەن پەروەردەی موسڵەوە بەڕێوەدەچێ، ساڵی پار کێشەیەکی یەکجار زۆری بۆ قوتابییان دروستکرد هەر لە بەڕێوەبردنی هۆڵەکانی خوێندنو ناڕۆشنیی پرسیارەکان، کە بەشێوەیەك زۆری پرسیارەکان هەڵەیان تێدا بوو، وە لە هەمووی سەیرتر ئەوەبوو کە لەزەمانێکدا کۆمپیوتەر لە هەموو قوتابخانەیەکدا هەیە کەچی پرسیارەکان بەدەست نووسرابوونەوە، ئەمەش سوکایەتیەکی گەورە بوو بەرامبەر بە قوتابیانی کورد کرا، ئائەوەتا خەونەکان هاتنەدیو نەمردینو ئالای شەکاوەی کوردستانمان لەسەر ئاوایی مەخموور بینیو سەدامی خوێنرێژیشمان لەناو دادگای تاوان بینی، بەڵێ، بەئاواتەکانمان شادبوونو بەجێگەو ڕێگەی خۆمان کەوتینەوە، بەڵام لێرەدا پرسیارێك دێتە ئاراوە، ئایا لەم چەند ساڵەی رابردوو چی بۆ مەخموور کراوە؟، من ناڵێم هیچ نەکراوە، ئەگەرچی زۆرشت لەلایەن خکومەتی هەرێمی کوردستان کراوە، بەڵام خۆزگە زیاتر شت بکرابایە، هیوادارین هیوادارین ئاوڕێکی زیاتر لەم ناوچەیە بدرێتەوەو بەشێوەیەکی باشتر دەشتەکەی کاکی بەکاکیو ناوچەی سەرەڕەدانی حەیران ئاوەدان بکرێتەوە.



باپیرانیان. کە شوێنێکی وێران بوو لەهەموو لایەنێکەوە، بەڵام ئۆخەی!

لەیادی سێ ساڵەی ئازادیی مەخموردا

چیا مەخمووری

لەگەڵ سەرهەڵدانە مەزنەکەی بەهاری ساڵی ١٩٩١، شارۆچکەی مەخموور وەکو شارو شارۆچکەکانی تری کوردستان بۆ ماوەی چەند ڕۆژێك هەوای ئازادیی هەڵمژی، بەڵام پاشان لەو ئازادییە دابڕاو بێبەش بوو لەخۆشیو شادیو دەست لەملانێی کوردستانی دایك، ساڵانێك بوو ئێمەی خەڵکی مەخموور بەهەناسەیەکی ساردو بێ هیوایی بەرێگای شێراوەو خازردا بۆ هەولێر گوزەرمان دەکرد، ساڵانێك بوو داگیرکەری بەعس پەردەی ڕەشی بێ هیوایی بەسەر مەخموورداداببو، بەڵام بەهیچ جۆرێك خەڵکی مەخموور بێ ئومێد نەبوون لەوەی کە ڕۆژێك دێت دەگەڕێتەوە باوەشی کوردستان، ئەوەبوو لەمانگی نیسانی ٢٠٠٣ ئەم خەونە هاتەدیو دروشمەکانی بەعس لەگۆڕنران، مەخموورو گشت ناوچەکانی تری کوردستان نەوەکانیان لەئاوارەیی گەڕانەوە بۆ زێدی باب و باپیرانیان. کە شوێنێکی وێران بوو لەهەموو لایەنێکەوە، بەڵام ئۆخەی!